سودانی و عەلاوی تاوتوێی پێوەکردنی هەوڵەکانی حکومەت لە بواری چاکسازی ئابووری دەکەنەوە

ئەمڕۆ شەممە، محەمەد شیاع سودانی، سەرۆک وەزیران و ئیاد عەلاوی، سەرکۆنزیرانی پێشووی عێراق، هەوڵەکانی حکومەت بۆ بەدیهێنانی چاکسازیی ئابووری و درێژدان بە پێسەی ئاوەدانکردنەوەیان تاوتوێ کرد.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەست موتەبع کەوتووە بەاویکردەوە،سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پێشوازی کرد لە سەرۆک وەزیرانی پێشووتر ئیاد عەلاوی و لە دیدارەکەدا تاوتوێی بەهێزکردنی هەوڵ و کۆششەکانی حکومەت کرا لەبواری بەدیهێنانی چاکسازی ئابووری و بەردەوامبوونی پرۆسەی بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراق و بەدیهێنانی خواستەکانی هاوڵاتیان.

لە بەشێکی تری دیدارەکەدا پێشهاتەکانی ناوچەکە و گرنگی هەماهەنگی هەوڵەکان تاوتوێ کرا، بەمەبەستی پشتیوانیکردن لە هەموو ئەو هەنگاوانەی کە یارمەتیدەرن بە بەهێزکردنی ئاسایشی عێراق و دەستەبەرکردنی سەقامگیری.